بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری گشتی سەربەخۆیە، ناوبەناو لە هەولێر دەر دەچێت

# ڕۆشنبیر

ژمـــارە ( ٢ ) — هاوینی ٢٠١١

خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر: عومـەر عەلی

## پـــــــانــــــــدا

**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:**
**عـومـەر عـەلـی**

زۆر زۆر بـە داخـەوە بـۆ ئـەو مرۆڤـە دڵڕەقانـەی کـەوا حـەز بـە بوونی گیانـدار ناکـەن، گیانـدارێکی بێزیـان وەکـو (پانـدا). ئەم گیانەوەرە لە شاخەکانی چین دەژێت و حـەزی لـە داری (بامبو)یـە، کـە بیست جۆر لـە داری بامبو دەخوات، نیوەی ڕۆژ بەسـەر دەبـات بـۆ ئـەوەی داری بـامبو بدۆزێتـەوە. هەنـدێ پانـدا حـەزی لـە تەنیاییـە، بێچـووی پانـدا بـە قـەد پشیلەیەکە، ئەم بێچووە ناتوانێ بۆ مـاوەی سێ مانگ ڕێ بکات، هـەژدە مـانگ لەگـەڵ دایکـی دەمێنێتـەوە. زانایـان ئـەوەیان بـۆ دەرکـەوتووە، کـەوا پانـدا کـاتێ دەگریـەت، وەکـو مـرۆڤ دەگریـەت. ئایا بـڕوا دەکـەی بەهۆی ئەو ڕاوچییە ملپانانە، تەنها هەزار پاندا لەسەر زەوی مـاوە؟ یـان بـەهۆی ئـەو داربـڕە سـەرگەورانەوە، کـە داری بـامبوو دەبڕنـەوە؟ ئنشـائەڵا کلکـی تـەورەکانیان دەشکێت.. شایەنی باسـە، پانـدا (١٥٠ — ١٨٠ سـم) درێـژیی باڵایـەتی و (٧٥ — ١٦٠ کیلۆگرام)یش کێشی دەبێت.

*** سـەرچـاوە:**
**کتێبی ( سەن ڕایز )، بۆ پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی**

## پێبکەنە

★ جارێك دزێك دەچێتە ماڵێکەوە، سەیر دەکات سپلیت وا داگیرساوە، دەڵێت: هەی بێویژدانینـە مادام خەوتوون، بۆچی سپلیت داگیرساوە.

★ جارێك لە پۆلێك قوتابییەکان دەبێتە شەڕ و شۆڕیان، لەو کاتەدا بەڕێوەبەری قوتابخانە دێتە ژوورەوەو دەڵێت: ئێوە ئەدەبتان نییـە وا ئـاوا دەکـەن؟ قوتابییـەکان هـەموویان پێکـەوە دەڵێن: نەخێر مامۆستا ئەمڕۆ ڕێزمانمان هەیە.

Bilawkiraweyeki Roşinbiri Giştî Serbexoye, Nawbenaw Le Hewlêr, Derdeçêt

# ŘOŞINBÎR

Jimare (2) – Hawini 2011

Xaweni `ymtyaz u Sernûser; `Umer `eli

دوالاپەڕە


## داوای لێبووردن



**نووسینی: ئـایە عەدنـان عـوسمان**

نیوەڕۆیەك ساڤۆ بە دایکی وت: دایە گیان ئەتوانم بچمە دەرەوە یاری بکەم؟ دایکی وتـی: ڕۆڵەکـەم هێشتا زۆر گەرمـە پـاش نیـوەڕۆ، کـە فێنکـی کـرد بـڕۆ دەرەوە. سـاڤۆ چـووە ژوورەکەی خۆی، کە لە خوارەوە بـوو، ساڤۆ لـە پەنجـەرەی ژوورەکەیـەوە، چـووە دەرەوە، لەبەر هەتاوەکە تێر یاری کرد، پاشان ڕۆشتە ژوورەکەی خۆی، ژوورەکەی زۆر سارد بـوو، چونکە فێنککەرەوەی لێبوو، شاڤۆ لەبەردەم فێنککەرەوەکە پاڵ کـەوت و خـەوی لێکـەوت، کاتێك کە هەستا، زۆر نەخۆش بوو، بۆیـە بـە پەلـە بردیـان بـۆ نەخۆشـخانە، دوای چوار ڕۆژ ئینجا چاك بووەوە و داوای لێبـووردنی لـە دایکـی کـرد و وتـی: دایکـە گیـان، مـن زۆر داوای لێبووردن لە تـۆی خۆشەویست دەکـەم، چـونکە بـەهۆی ئـەوەی بـە قسـەی تـۆم نـەکرد، نەخۆش کەوتم و بووم بە مایەی ئازارگەیاندن بە تۆ، تکایە بمبەخشە.

## خـــــــۆر



کاتێ تیشکم دەر ئەکەوێ
مانگ ڕووخساری ون ئەبێ
هـــەمـوو ڕۆژێ دووبـــارە
پـــرچـــی زەردی مـــن دیـــارە
مـــرۆڤ لـــە لادێ و لـــە شـــار
بـــێ مـــن نـــاکـــەونـــە کـــار

(سۆران نەدار)

# دروستبوونی تەرزە

لە ڕووی زانستییەوە بۆ یەکەمجار لە ساڵی (٢٠٠٩) دروستبوونی تەرزەیان بۆ دەرکەوت، دەڵێن: کە سەرەتا هەور دروست دەبێت پاشان بەهۆی هێزی باوە، چەند پارچەیەك لە هەور یەك دەگرن و لەسەر یەك کۆ دەبنەوە، دەبێتە کۆمەڵە هەورێك بە هەوری کەڵەکەبوو زانایان ناویان بردووە، دوای ئەوەی هەورە کەڵەکەبووەکە، کە چەند کیلۆمەترێك بەرز دەبێتەوە، لەوێدا دەنکە تەرزەکان دەست بە دروستبوون دەکەن، پاشان بەهۆی کاریگەری باوە، دەوکەونە سەر زەوی، ئەوانیش دەبنە سێ بەش:



١.بەشێك لە هەورەکەدا دەمێنێتەوە.

٢.بەشێك دەگاتە سەر زەوی.

٣.بەشێکی تر هەر لە ئاسمان دەتوێتەوە، بەر لەوەی بگاتە زەوی.

زانایان لەسەر ئەوە کۆکن، کەوا تەرزە لە هەورە بروسکەوە پەیدا دەبێت.

* سەرچاوە: گۆڤاری (هەیڤ) ژمارە (١٦)، نووسینی: باوکی گوڵان.

## پرسیار

١. یانەی ڕیاڵ مەدرید کەی دامەزرا؟

٢. دووپشك چەند چاوی هەیە؟

٣. بورجی ئیڤڵ چەند مەترە؟

٤. کێ میکرۆبی دۆزییەوە؟

٥. کام هەسارە بە پێچەوانەی هەسارەکانی تر دەجوڵێتەوە؟

٦. (١٥,٨٧٣×٦٣ = ؟)

٧. فیفا کەی دامەزرا؟

٨. کام گیاندار لە پێش دیناسۆرەکان هەبووە؟

٩. ئەتۆم لە چی پێکدێت؟

١٠. بورجی ئیڤڵ چەند تەنە؟

## وەڵام

١. (١٩٠٢ زاینی)

٢. (چاوی نییە)

٣. (٣٠٠مەتر)

٤. (پاستۆر)

٥. (زوهرە)

٦. (٩٩٩٩٩٩)

٧. (١٩٧٤زاینی)

٨. (دووپشك)

٩. (پرۆتۆن + نیۆترۆن)

١٠. (٩٠٠٠تەن)



# ئـــایـــا دەزانی؟!

١. هەنگ بۆ بەدەست هێنانی یەك کیلۆ هەنگوین هەزار جار لە شانەکەی دێتە دەرەوە.

٢. یاری شەترەنج بە یاری پاشایان ناسراوە.

٣. یانەی هەولێر (١٩٦٨) دامەزراوە.

٤. کۆشیکی کریملین لە مۆسکۆیە.

٥. هەسارەی پلۆتۆ لە ساڵی (١٩٣٠) دۆزرایەوە.

٦. هەسارەی پلۆتۆ (٥,٩) ملیار کیلۆمەتر لە خۆرەوە دوورە.

٧. ژمارەی پیتەکانی قورئان لە (٧٧,٩٣٢) پیت پێکهاتووە.

٨. دڵی مرۆڤێکی ئاسایی (٣١٢) گم.

٩. خۆڵ مادەی سەرەکی شووشەیە.

١٠. قەڵای ئەسکەندەرییە (٢٨٠ پ.ز) دروستکراوە.

# پەندی پێشینان

١. هەشت بێ و لە مشت بێ نەك نۆ بێ و دە بێ.

٢. جام کە پڕ بوو لێیدەڕژێ.

٣. دوو گا لە دۆڵی نەچنە پێستێ ئەچنە خوویەك.

٤. مەیمون هەڵەپەڕێ و خاوەن پارەکەی وەر ئەگرێ.

٥. هەموو باشێك جوانە، بەڵام هەموو جوانییەك باش نییە.

٦. ئەگەر گوڵ نیت دڕکیش مەبە.

٧. بێدەنگی جۆرێکە لە هونەری گفتوگۆ.

٨. پاك و خاوێنی نیشانەی سەربەرزی مرۆڤە.

٩. ویژدانی زیندوو هانی مرۆڤ دەدات بۆ کاری باش.

١٠. بەری خۆر بە بێژنگ ناگیرێ.

١١. دار کرمی لە خۆی نەبێ نارزێ.

١٢. ئەگەر وتت ڕاست ئاو دەوستێ.

١٣. ماڵی قەڵپ سەر بە خاوەنەکەیەتی.

١٤. دەستی ماندوو لەسەر سکی تێرە.

١٥. برامان برایی کیسەمان جیایی.

١٦. دووری و دۆستی.

١٧. لەگەڵ عام برۆ بۆ شام.

١٨. چاپڵە بە یەك دەست لێنادرێ.

١٩. چوویتە شاری کوێران دەست بە چاوتەوە بگرە.

٢٠. مار لە پونگە حەز ناکا لە پێش کونەکەی دەرەچێ.